حەکیم وعامری هەڵبژاردنەکانی داهاتوو و دۆخی سوریا تاوتوێ دەکەن

عەمار حەکیم سەرۆکی ئەنجوومەنی حیکمەت ئەمڕۆ یەکشەممە، جەختیکردەوە لە سەر پێویستی پاراستنی هەموو چین و توێژەکانی گەلی سووریا.

حەکیم لە ڕاگەیەندراوەکدا کە دەستی موتەبع کۆتووە ڕایگەیاندووە: پێشوازیمان لە هادی عامری، ئەمینداری گشتی ئەکخراوی بەدر کرد، پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە، و ئامادەکارییەکان بۆ شایستەکانی داهاتوو، بابەتگەلێکی گرنگ بوون کە بیروڕامان لەسەر ئاوگەڵ کرد.

حەکیم پێویستی "پاراستن و پتەوکردنی ئەو سەقامگیرییەی وڵات دووپاتکردەوە، ڕوونیشیکردەوە کە بەرپرسیارێتییەکی بەکۆمەڵ دەکەوێتە ئەستۆی هەمووان".

ئاماژەی بۆشکرد: "پێویستی ئامادەکاری بۆ شایستەی هەڵبژاردنی داهاتوو و گرنگی کەبەکە لەسەر بنەمای بەرنامە و خزمەت".

داوای "بەشداری فراوان و کاریگەر و هەشیارانەی کرد بۆ هەڵبژاردنی شایستەترین کەس کە خواستەکانی دەنگدەرانی و لە ئەنجامدا خواستەکانی هەموو هاوڵاتیان بەدەستبهێنێت".

سەبارەت بە پێشهاتەکانی ناوچەکە، حەکیم جەختی لە "پێویستی پاراستنی هەموو چین و توێژەکانی گەلی سوریا و بەشداریکردنیان لە بڕیاردانی سیاسی" کرد.